# ألـــــــــــــ"ناحاڵیبوون"........!!

توانا

ئیمەی کوردهە ر چۆن چەرخی زەمەن، یاخود ناحاڵیبوونمان بۆ ڕوداوو پێشهاتەکان بووەتەمایەی ئەوەی کە تاکە میللەت بین کەخاوەنی کیانی سیاسی خۆمان نە بین،سەرەڕای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ لە سەدەی بیست و یەکەم، هێستا بەرۆکی نا حاڵیبوون بەرنادەین، نەک هە ر ئەوە بەڵکو هەندێ جا ر دەیکەینە دروشم ، و ئەگەر پیاو چاکێکیش ڕێگا ڕاستەکەمان نیشان بـــــدات نکۆڵی دەکەین یا دە بینە ئاستەنگ و بە ر بە ست، کابرا ئاسا دەڵیین:" بشفرێت هە ر بــــــــزنە"!

لە ڕۆژنامەی" خەبات" ژمارە 1917 لە 15.09.2005 لە لا پەڕەی یەکەمدا و بە نا و نیشانی"پەرلەمانی سوید بڕیاری دا پەنابەران ڕەوانەی وولاتەکانیان بکرێنەوە" ئەوەی سەرنج ڕاکێس بوو تێیدا تەنها ( 172 لە گە ڵ134 ) وەک نوسینی ژمارە ڕاست بوون ، ئەوانیش " چەپ و ڕاست" نووسرا بون،http://www.xebat.net/Arc/Xebat/15-9-2005/x1.pdf کە ئەگەر بەو شێوەیە بوایە، ئەوا نا و نیشانەکە ی خەبات " پەرلەمانی سوید بڕیاری دا پەنابەران نیشتەجێ بکرێن" ڕاست دەبوو نەک بە پێچەوانەوە، کە دەڵێت 172 پە سەندیان کرد، ڕاستییەکەی دژی بوون و 134 پە سەندیان کرد! چونکە "allmän "amnesti" för flyktingar " وا تە " لێبووردنی گشتی بۆ هە موو پە نا بەران" . ئەندامانی پەرلەمان بە (ja-بەڵێ) و(nej-نەخێر) دەنگیان دا،بەڵام 172 (nej-نەخێر) یان ووت بو" لێبووردنی گشتی بۆ هە موو پە نا بەران" نەک پەسەند !

داواکارییەش لە لایەن پارتەکانی (سەوز،چەپ،خەڵک،د.مەسیحی،سە نتەر) بوو،ڕەتکردنەوەکەش لە لایەن یەک پارتی دەسەڵاتدار(سۆسیال دیموکرات) و یەک پـــارتی (معارض) کە moderaterna) –پارێزگاران) بوو نەک هە ردوو پارتی دە سەڵات دار کە خەبات وەک تەواو کردنێک بۆ لاپەڕەی یەکەم لە لا پەڕەی 13 تەواوی کردوە. کە ئەوەش شتێکی چاوەڕوان کراو بوو کە لە بەشی خوارەوەی ئەو نوسینەدا بە سوێدی ئاماژەی بۆکراوە http://kurdistannet.org/9-2005/30-9/botenha.pdf .

بەداخەوە وام زانی هە ر ئەم هە ڵە نە یەو ئیتر بە ڕاست کردنەوەی (پەردەپۆش-ستر) دەبێت و خوێنەری ئازیزیش چەواشە نابێت، بەڵام لە 30.09.2005 لە سەر سا یتی http://kurdistannet.org/9-2005/30-9/botenha.pdf ماندوونەناس ، ئەم جارەیان بە چوار خاڵی ڕیزکراو لە هە ڵەی زەق با بە تێکی(بۆ تەنها ڕۆژنامەی خەبات) نوسرابوو.

ناچار بووم کە ئەو چوار خاڵە بنوسم + " تعدیل" و قەڵەم کاری ، تا ناحاڵیبوون نە بێتە ألـــــــــــــ"ناحاڵیبوون"........!!

یەکەم:" ئەم هە واڵە لە سەرچاوەیەکی ڕەسمی وەرگیراوەو دڵنیام لە ڕاستی هە واڵە کە...........هتد).

وەڵام: جگە لە بوونم لە نا هۆڵی پەرلەمان، لە (-www.sr.se, svt 1-2 ، tv4 . Aftonbladet،DN. Expressen..... ) مانە سەر چاوە م وەرگرت ، کە هیچ یەکێک لە وانە دوورو نزیک بە لای ناوی کورددا نەچوە، ئەی سەرچاوە ڕەسمییەکانی خەبات چی یە؟ بۆ چی دڵنیاییت لە ڕاست هە واڵە کە، دڵت خەبەری داوە؟ یان.....

دوەم: " خەبات بە تەنها ئەم هە واڵەی بڵاو نە کردوە تەوە بەڵکو هە لوو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان...).

وەڵام:

1- لە وهەردوو سایتی بە ڕێزی( کوردستان پۆست و دەنگەکان) لە 22.09.2005 وەک خۆی بڵاو کراوەتەوە و بەم شێوە هاتوە کە لە کۆتایی یەکە دا" * ( puk میدیا- ڕادیۆ نەوا) ( خەبات)( ڕۆژ نا مە ی ئاسۆ) ( دوا ژمارەکانیان لە 15بۆ2005/09/19). ئیتر بۆ هە ر خە بات؟!

2- نوسینەکەی کاک با بە کی خوڕەمی نا و نیشانە بۆ هە ردوو سەر نووسەری " کوردستانی نوێ و خەبات" . ئیتر بۆ هە ر خە بات؟!

سێیەم:لە هە واڵە کان باس لەوە دەکرێت کە پە رلە مانی سویدبە زۆرینەی دەنگ دژی ئەم یاسایە وەستاوە، تەنها وەک پێشبینییەک وتوومە لە بەر ئەوەی هە ردوو پارتە دەسەڵات دارەکە پاڵپشتییەکی توند لە و یاسایە دە کەن ،چاوەڕی دەکرێت بە م زووانە بچێتە واری جێبە جێکردن).

وەڵام:

1- پێشنیار و یاسا دوو شتی لە یەک جیان،( پێشنیار= إقتراح) و( یاسا= قانون). واتە پێشنیاری پێنج پارتەکە بۆ لێبوردنی گشتی بە شێوەک بوو کە کە یسەکان لە قاڵبی تاک دەربچێت و بە بێ پیا چونەوە یان (امنستی –لێبووردن) یان بۆ دەربچێت کە 25000 کە سن ، ئەویش تەنها لە ڕووی ئینسا نییەوە. بەڵام پا رتی فەرمانڕەوا کە"سۆسیال دیموکراتە" دوور لە هە ڵوێستی دوو هاو کارەکەی کە ( سەوز ، چەپ) ن دەڵێت کە ئەم کارە پێویستی بە زیاتر لە 8 ملیار کرۆنە ، ئەوە بە گران لە سەر بودجەی ی حکومەت دەکەوێت،با هە ر کە س لە سە ر کە یسی خۆی دووبارە تەما شا بکرێتەوە،ئەوە بوو ڕۆژی 29.09.2005 پە رلەمان لە سە ر ئەوە ڕێکە وتن کە لە ما نگی نۆڤەمبەر پیاچوونەوە بکەن لە گەڵ کۆمەڵێک تایبە تمەندی لە بارەی مناڵ وخێزان و ساڵانێکی زۆر لە ما نەوە........هتد) .

2- پێشتر ئاماژە م پێکرد کرد کە دوو پارت دە سەڵاتدار نی یە بە ڵکو یەک ، و دوو ها وکاری هە یە ..

3- باسی کاریگەری لەسەر کورد ، بۆ ئاگاداری تەنها کوردو عێراقی مووچەی تەواو وەردرگرن ، ئەگەر دۆسیەکانیانیش داخرابێت،چونکە ئەما ن بە یاسا کار دەکەن .
4- دەڵێت" تەنها وەک پێشبینییەک وتوومە" ، تێناگەم بۆ دەبێ پێشبینییەکانمان، ئەگەر هە ڵەش بن ، هە ر نان بڕانی کوردی بە دواوە بێت؟!

ڕەسوڵ حەمزەتۆف دەڵێت:" داغستانییەکان ئەسپ و شمشێریان هە بوو لینین کتێب و گەنمی بۆ ناردن" جا گەنمیش کە سەرچاوەی نانە ، ئەوەتا حەمزەتۆف دوای نزیکەی حەفتا ساڵ بە شانازییەوە باس لە ناردنی گەنم دەکات، کە چی سە رم سوڕماوە لە قەڵەم بە دەستەکانی نزیک دەسەڵاتدارانی ئێمە ، هە موو پێشبینییەکانیان لەبازنەی نانبڕانی بەشیک لە میللەتە کەماندا دەسوڕێتەوە. یادەترسم نان بڕانی خەڵکێک سەرچاوەی بازرگانی بێت بۆ خەڵکانێکی تر!؟

چوارەم:: دەڵێت" کوا باسی کورد دەکات"
وەڵام: ڕاستە دەڵێن تا خاوەن ماڵ دزی گرت ، دز خاوەن ما ڵی گرت.
سەیری ڕۆژنامەکە بکە؟ ڕاست دەکەیت لە لاپەڕەی یەکە مدا نی یە بە ڵکو لە لاپەڕەی 13 یەمدایە ، دەڵێ ی ": ئەم بڕیارەش کاریگەری زۆری لەسەر کوردو عێراقییەکان دەبێت"
هە ر بۆیە منیش بۆ تۆو بڵاو کراوەکا نی تریش ئەمە ی لای خوارەوەم نووسی:
" کەس ناوی کوردەکانی سوێد ی نە هێناوە"..! بەڵێ " کەس ناوی کوردەکانی سوێد ی نە هێناوە"..!
و بە دوعـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا.....................